# کتێبی (شوق المستهام)ی (ابن وحشیة) و پرسی هەبوونی ئەلفوبێ و کتێبی کوردی

**د. زرار سەدیق تۆفیق**
**(زانکۆی دهۆک - کۆلێژی ئاداب)**

ژیان و سەرگوزشتەی (ابن وحشیە) تا بڵێی نارِوون و تەمومژاوییە و بە دەگمەن لە سەرچاوەکاندا ناوی براوە، تا ئێستاش ساڵی لەدایکبوون و ساڵی مردنی بە لێڵی ماوەتەوە و بەتەواوەتی ڕوون نەبۆتەوە لە چ سەردەمێکدا ژیاوە، خۆیشی وەک کەسێکی نامۆ و سەیر و کەنارگیر دێتەبەرچاو، ڤەکۆڵەران ئەم ساڵانەیان بۆ مردنی داناوە: ١٨٤ ک/ ٨٠٠ز، ٢٩٦ ک/ ٩٠٩ز، ٣١٨ ک/ ٩٣٠ ز ...تاد (١).

ناوی تەواوی (ابوبکر أحمد بن علي بن قيس... بن حرسيا بن بدينا بن برطانيا بن غالاطيا)ی کەسدانی نەبەتیە، لە میللەتی کەسدانی، واتە نەبەتیە کە یەکێکە لە میللەتە هەر دێرینەکانی دانیشتوانی ئێراق لە سەردەمانی پێش ئیسلامەوە، لە گوندی (قسين)ی سەر بە شاری کووفە لەدایکبووە.

ابن النديم (م:٣٨٣ک/ ٩٩٣ز) دانەری کتێبی (الفهرست)، نزیکترین کەسە لە کەسایەتی (ابن وحشية)وە و سەردەستەی ئەو مێژوونووسە دەگمەنانەیە کە ژیاننامە و بەسەرهاتیان تۆمارکردووە و ئاخەفتنەکانی کۆنترین و ڕەسەنترین زانیاری لەمەڕ (ابن وحشية) بەدەستەوە دەدەن، لە ناساندنی (احمد بن الحسين الزيات) دەڵێت: "هاوڕێ و شاگردی (ابن وحشية)یە و هەر ئەمیشە کتێبەکانی ئەو دەگێڕێتەوە و ڕیوایەتی دەکات، هەتا ئەم ڕۆژگارەی ئێمەش هەر لە ژیاندایە، وەلێ وابزانم لەم زووانە مرد"(٢).

وا باوە (ابن وحشية) وەرگێڕێکی چالاک و بەبڕشت و زمانزانێکی خاوەن توانایی و لێهاتوویی بووە، سەرباری زمانی عەرەبی، دەستێکی باڵای لە زمانی نەبەتی و زمانە کۆنەکانی دیکەی ئێراق هەبووە و دەیان کتێبی زانستی و نوژداری بە زمانی عەرەبی نووسیوە، چ بە کۆکردنەوەو وەرگێڕان و چ بە ئامادەکردن و دانان و بەسوودوەرگرتن و پشتبەستن بە سەرچاوە کۆنەکان، بە تایبەتی سەرچاوە

نەبەتییەکان، هاودەم شارەزایەکی کارامەی زانستی کیمیاگەری بووە، هەرچەندە پتر وەک جادووگەر و نوشتەساز دەناسرا و ژمارەیەک کتێب و نامیلکەی دەربارەی نووشتە و جادوو و تەلیسم و کیمیاگەری و ڕاونانی شەیتان داناوە، (ابن النديم) جارێک لە ڕیزبەندی کیمیاگەران و جارێکی دی لەنێو سیحربازان و جادووگەران ناساندوویەتی و جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە زمانزان و وەرگێڕێکی نەبەتیەو چەندان کتێبی لە زمانی نەبەتییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لە هەردوو بواری جادووگەری و سیحربازی و کیمیاگەریدا، لەوانە:

١-كتاب طرد الشياطين (كتاب الاسرار)، ٢-كتاب السحر الكبير، ٣-كتاب السحر الصغير، ٤- كتاب دوار على مذهب النبط من تسع مقالات، ٥- كتاب مذاهب الكلدانيين في الاصنام، ٦-كتاب الاشارة في السحر، ٧-كتاب اسرار الكواكب، ٨-كتاب الاصول الكبير في الصنعة، ٩-كتاب المدرجة، ١٠-المذكرات في الصنعة... وێڕای چەندان کتێبی دی(٣).

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، زۆربەی هەرە زۆری ئەم کتێبانەی کە دراونەتەپاڵ (ابن وحشية) فەوتاون و لەناوچوونە و هیچ شوێنەوارێکیان دیار نییە، لە بەرانبەردا کتێبی دی بە ناوی ئەوەوە بلاوکراونەتەوە، لەوانە (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام)(٤) و (الفلاحة النبطية)( ٥).

ئەوەی لە ژیان و بەرهەمەکانی (ابن وحشية) بۆ ئێمە گرنگە و شایستەی هەڵوەستەیە و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مێژووی زمان و ڕۆشنبیریی کوردییەوە هەیە، ئەوەیە کە لە کتێبی هەڵبەستراوی (شوق المستهام)دا باسی هەبوونی ئەلفوبێی کوردی و دانانی کتێبی کوردی بەم ئەلفوبێیەوەی کردووە(٦).

بۆ یەکەم جار خوا لێی خۆشبێ حوسێن حوزنی موکریانی لە ژمارە (١٨)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی)، کە لە ڕۆژی ٢٧-٣-١٩٢٩دەرچووە، لەو ئاخافتنەی نێو کتێبی (شوق المستهام) دواوەو وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بلاوی کردۆتەوە(٧)، دواتر گیوی موکریانی لە چەند نووسینێکدا، لەوانە: گۆڤاری هەتاو، گیونامە، فەرهەنگی مهاباد، هەمان کاری کردووە و بۆچوونەکانی حوسێنی کاکی دووپات کردۆتەوە(٨).

ئەم زانیارییە نوێ و گرنگە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیدا دەنگێکی باشی دایەوە و گەنگەشە و بیروڕای جۆربەجۆری لێکەوتەوە و وەک ڕاستییەک لە مێژووی کورددا چەسپا(٩)، تا ئێستاش ناوبەناو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نووسین لەمەڕ ئەم بابەتە بلاودەکرێتەوە(١٠)، بێ ئەوەی کەسێک کتێبەکە تاووتو بکات و هەڵسەنگاندنی ڕاستیودروستی ناوەڕۆکەکەی و ساخکردنەوەی ئەو ئاخافتنە پێوەندی بە زمان و ئەلفوبێی کوردییەوە هەیە.

تا لەم ساڵانەی دواییدا محەمەدی مەلا کەریم، ئەم بابەتەی زیندووکردەوە و دەقی قسەکەی (ابن وحشية)ی لەگەڵ کۆمەڵێک سەرنج و ڕوونکردنەوە بلاوکردەوە(١١)، دواتر جەرجیس فەتحوڵلا بە بەڵگەوە گومانی خۆی دەربڕی کە ئەم کتێبە (شوق المستهام)، دانراوی (ابن وحشية) بێت و ژمارەیەک خاڵی ورووژاند کە هەمووی پشتگیری بۆچوونەکەی دەکەن، بەڵام ئەو پێیوایە (ابن وحشية) کەسایەتییەکی حەقیقییە و نووسەرێکی هەڵکەوتوو بووە (١٢).

کێ هەیە حەزنەکات میللەتەکەی ئەوەندە پێشکەوتوو بووبێت و گەیشتبێتە ئەو ئاستەی ببێتە خودان ئەلفوبێی خۆی و کتێبی زانستی پێ دابنێت، بەڵام مخابن ئەم کتێبە ساختەیە و ئەم ئاخافتنە هەڵبەستراوە هەرگیز نابنە بەڵگە بۆ هەبوونی ئەو حاڵەتە.

لێرەدا پوختەی سەرنج و ڕوونکردنەوەی نووسەری یەکەم و تێبینی و ڕەخنەکانی نووسەری دووەم و تێبینییەکانی خۆمان دەخەینە ڕوو کە هەموویان دەچنە خانەی ئەوەوە کە ئەم کتێبە بەناوی (ابن وحشية)وە هەڵبەستراوە و هیچ بناغەیەکی مێژوویی ڕەسەنی نییە و بەهیچ شێوەیەک ناکرێت باوەڕ بەو ئاخافتنەی ناوی بکرێت لەمەڕ هەبوونی ئەلفوبێ و کتێبی کوردی لە سەردەمانی پێش ئیسلامدا، وێڕای ئەوەی وەک باس کرا هەبوونی خودی (ابن وحشية)جێگەی گومانە.

لەمەش زیاتر، ڕۆژهەڵاتناسی ئیتاڵی کارلۆ نیللینۆ (١٨٧٢-١٩٣٨) دوای وردبوونەوە لەو هەواڵ و زانیاریانەی لەمەڕ ناسنامە و ژیانی (ابن وحشية)وە هاتوون، بەدووری نازانێت کە کەسایەتییەکی هەڵبەستراو بێت و لە واقیعدا بوونی نەبێت، تا ئەو کتێبانەی دەربارەی تەڵەکەبازی و جادووگەرین و لەگەڵ کرۆکی شەرعدا یەک ناگرنەوە، بۆ ئەو بگەڕێنرێنەوە(١٣).

- (ابن وحشية)-ئەگەر حەقیقەتێکی هەبێت- خەڵکی قسینی نزیک کووفەیە، کەنگی و چۆن و لەکوێ فێری زمانی کوردی بووە و شارەزایی لەو ئەلفوبێ کوردییە پەیداکرد تا کتێبە کوردییە دانراوەکانی بەو ئەلفوبێیە بکاتە عەرەبی.

- لەمێژەوە ژمارەیەک ڕۆژهەڵاتناس، گومانی خۆیان دەربڕیوە کە کتێبی (شوق المستهام) دانراوی (ابن وحشية) بێت، لەوانە نولدکە (١٨٣٦-١٩٣٠) و گولدتزیهر

(١٨٥٠-١٩٢١) و کارل بروکلمان (١٨٦٨-١٩٥٦)، هەرچەندە (ابن الندیم) دەگێڕێتەوە کە (ابن وحشیة) کتێبێکی لەمەڕ ئەو پێنووس و ئەلفوبێیانە (الاقلام) داناوە کە لە نووسینەکانی جادووگەری بەکاردەهێنران و بەخۆی کتێبەکەی بەدەستنووسی خودی (ابن وحشیة)خوێندۆتەوە.

- نووسەر دەڵێت لە ساڵی ٢٤١ک/٨٥٦ز، کتێبەکەی پێشکەش بە نامەخانەی خەلیفە عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان کردووە، کەچی ئەم خەلیفەیە لە ساڵی ٨٦ک/٧٠٥ز مردووە.

- ناوونیشانی کتێبەکە بە سەجع نووسراوە (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام)، کەچی لە ڕۆژگاری (ابن وحشیة) و دوای ئەویش بە دەیان ساڵ، ناوونیشانی کتێبەکان هەمووی سادە و ساکار بوون بە کتێبەکانی خودی (ابن وحشیة)وەش کە (ابن الندیم) ناوی بردوون.

- کتێبەکە بە زمانێکی کرچوکاڵ نووسراوە و تەنیا لەو برگەیەی پێوەندی بە ئەلفوبێی کوردییەوە هەیە، پڕە لە هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی کە هەرگیز ناکرێت بڵێین زمانی وەرگێڕ و زمانزانێکی خاوەن توانایی-بەقسەی جەرجیس فەتحوڵلا-ی وەک (ابن وحشیة)بێت.

- نووسەر دەڵێت لە ناووسکێک لە بەغدا سی دانە کتێبی نووسراوی بەم ئەلفوبێیەی دیوە و دووانی لەلابووە لە شام و لە زمانی کوردییەوە وەری گێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی، لە کاتێکدا لە هیچ سەرچاوەیەکی دیدا باسی هیچ کتێبێک لەمانە و وەرگێڕانەکانیان و باسی ئەم ئەلفوبێیە نەکراوە، هەروەها ئەگەر ئەم کتێبانە بوونیان هەبووایە، دەبوو لە ئەشکەوتێک، ئاگرخانەیەک، کڵێسایەک...ی کوردستان دەستبکەوتنایە، نەک لە ناووسکێکی بەغدا.

- نووسەر پیتەکانی( ذ، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ق)ی لە ئەلفوبێکە داناوە، کەچی وەک ڕوونە ئەم پیتانە لە ئەلفوبێی زمانی کوردیدا بوونیان نییە.

- لە دەستنووسەکە ساڵی ڕوونووسکردن بە کۆچی و زایینی تۆمارکراوە، کەچی لە سەردەمی ئیسلامیدا هەموو مێژوویەک تەنیا بە کۆچی دەنووسرا.

- ئەو ڕۆژ و مانگ و ساڵانەی چ کۆچی و چ زایینی کەوا لە کۆتایی دەستنووسەکە هاتوون، لەگەڵ یەک ڕێک ناکەون و بەڕاشکاوی دیارە کە کەسێکی ساختەکاری نەشارەزا لە ساڵنامە نووسیویەتی(١٤).

- لە هیچ سەرچاوە و ژێدەرێک نەک باسی ئەلفوبێ و کتێبی کوردی نەکراوە، بگرە ڕاستەوخۆ باسی هەبوونی نووسینی بەکوردییش بەرچاو ناکەوێت.

- نووسەری کتێبەکە بەتوندی هێرش دەکاتە سەر کورد و دەڵێت جوداوازی ئەوان و کلدانییەکان ئاسمان و ڕێسمانە"شتان بین الثری والثریا"(١٥).

**پەراوێزەکان:**

**(١) دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی (ابن وحشیة) بڕوانە: حاجی خلیفة، کشف الظنون، ٢/٢٥٥، خیر الدین الزرکلي، الاعلام، ١/١٧٠-١٧١، عمر رضا کحالة، معجم المؤلفین، مؤسسة الرسالة (بیروت١٩٩٣)، /٢١٢.**

**(٢) الفهرست، ص٤٣٣.**

**(٣) هەمان سەرچاوە، ص ٤٣٣، ٥٠٤، کشف الظنون، ١/٦٨٢، ٢/٣١٩، ٩٨٢، ١١٩٠، ١٤٣٩...تاد.**

**(٤) ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی جوزێف هەممەر ئەم کتێبەی لە لەندەن لە ساڵی ١٨٠٦ چاپ و بڵاوکردەوە.**

**(٥) ئەم کتێبە ساڵی ١٩٥٩ لە بەیرووت لە چاپخانەی (المطبعة الوطنیة) چاپ کراوە.**

**(٦) شوق المستهام، ص٢٠٣-٢٠٤.**

**(٧) زاری کرمانجی، ژمارە (١٨)، ل٢-٤.**

**(٨) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم (هەولێر ١٩٥٤)، ل١٨-١٩، ژمارە (١٧٦) ساڵی شەشەم (هەولێر ١٩٦٠)، ل١٨-١٩، گیونامە (هەولێر ١٩٦٠) ل١٤، ٢٠، فەرهەنگی مهاباد (هەولێر ٢٥٧٣ک/١٩٦١ز)، ل٧٧١-٧٧٢.**

**(٩) بڕوانە: مسعود محمد، لسان الکرد، ص ٥٠، د.جمال رشید احمد، ظهور الکرد في التاریخ، ٢/٥٥٠-٥٥٤، صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، مێژووی وێژەیی کوردی (تبریز ١٣٧٠ ه.ش)، ل١٩-٢٠...تاد.**

**(١٠) بڕوانە: ئەحمەد تاقانە، کتێبی"غایة التحکیم" بەڵگەیەکی دیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەری ڕۆشنبیریی کوردی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٣٢)، ڕۆژی ٥-٩-٢٠١٦، ل١٠٥-١٢٦.**

**(١١) کان للکورد ایضا حروفهم التی یکتبون بها، مجلة کولان العربي، العدد(٤١) (اربیل، تشرین الاول ١٩٩٩)، ص٩٧-١٠١.**

**(١٢) ابن وحشیة وأحرف الکتابة الکوردیة، مجلة کولان العربي، العدد(٤٨) (اربیل، ایار ٢٠٠٠)، ص٢٥- ٢٨.**

**(١٣)بڕوانە: ابن وحشیة النبطي، شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، تحقیق جمال جمعة، منشورات دار الجمل (بغداد: ٢٠١٠)، ص١٤-١٥.**

**(١٤) هەمان سەرچاوە، ص٢٥-٢٨.**

**(١٥) هەمان سەرچاوە، ص٢٠٠.**